# وەرگرتن
# قۆناغی یەکەم

# له ڕێگای گەڕانەوەدا

١. كەريم لە قوتابخانە دەگەڕايەوە ماڵەوە، لە ڕێگاكەيدا بينی وا ئاگر بەردەبێتە كارگەيەكی قوماش خێرا بيری كردەوە: دەبيت زوو تەلەفۆن بۆ پياوانی ئاگر كوژێنەرەوە بكەم.

٢. كەريم ڕووی كردە نزيكترين تەلفۆن ، تەلەفۆنی بۆ پياوانی ئاگركوژێنەرەوە كرد ئەمەی پێ ووتن و، شوێنەكەشی پيشان دان.

٣- پاش چەند خولەكێك پياوانی ئاگر كوژێنەرەوە هاتن و خێرا ئاگرەكەيان كوژاندەوە.

٤. پیاوانی ئاگر کوژێنەرەوە سوپاسی کەریمیان کرد کە خێرا ئاگاداری کردنەوەو بوو بە
هۆی ئەوەی کارگەکە نەسووتێ.
٥. خاوەنی کارگەکە بەم کارەی کەریم زۆر بەختەوەر بوو، داوای لێ کرد سبەی بێت بۆ لای
تاپاداشتی ئەم چاکەی بداتەوە.
٦. ڕۆژی دوایی ، کەریم چووە لای خاوەن کارگەکە ،خاوەن کارگەکە پێشوازییێکی گەرمی
لە کەریم کرد وپێ ی ووت (( تۆ شایانی دیارییێکی گەورەیت)) پاشان چەپکە گوڵێک
وکاتژمێرێکی دەستی پێشکەش بە کەریم کردو جارێکی تر سوپاسی کردەوە.

# ڕاهێنان

**ڕاست وهەڵە.**

**انەی(✔) ئەگەر ڕاستبێ ونیشانەی (×) ئەگەر هەڵە بێ بەرامبەر ئەم ڕستانەی ارەوە دابنێ وهەڵەکانیش ڕاست بکەوە:**

**١. کەریم دەچووە قوتابخانە.**
**٢. ئاگر بەربووە کارگەی مافوور.**
**٣. کەریم تەلەفۆنی بۆ پیاوانی ئاگر کوژێنەرەوە کرد.**
**٤. خاوەنی کارگەکە بە ساردی پێشوازی کەریمی کرد.**
**٥. خاوەنی کارگەکە بەم کارەی کەریم دڵ تەنگ بوو.**

- وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. کەریم لە ڕێگاکەیدا چی بینی؟
2. کەریم پێوەندی بەکێ کرد؟
3. خاوەنی کارگەکە چی پێشکەش بەکەریم کرد؟
4. چۆن سەیری ئەم کارەی کەریم دەکەیت؟
5. کەی پیاوانی ئاگر کوژێنەوە گەیشتنە کارگەکە؟

- دژواتای ئەمانە بنووسە.

درەنگ ، دوورترین ، چوون ، بسووتێ ، دڵ تەنگ ،بچووک ، پێشکەش کرد.

| وشەکە (الكلمة) | واتاکە(معناها) | وشەکە (الكلمة) | واتاکە(معناها) |
| --- | --- | --- | --- |
| ڕێگا | طريق | خاوەن | صاحب |
| گەڕانەوە | العودة | بەختەوەر | سعيد |
| قوتابخانە | مدرسة | داوای لێ کرد | طلب منه |
| ماڵ | بيت، دار | سبەی | غداً |
| بینی | شاهد | ئەمڕۆ | اليوم |
| ئاگر | نار | دوێنێ | امس |
| کارگە | معمل | پێرێ | اول امس |
| خێرا | سريع | دووسبەی | بعد غد |
| بیری کردەوە | فكّر | چاکە | حسنة(اعمال حسنة) |
| بیر | فكر | ڕۆژ | يوم(نهار- شمس) |
| دەبێت | ينبغي/ يحسب | چوو | ذهب |
| پیاو | رجل | پێشوازی | استقبال |
| پیاوانی ئاگرکوژێنەرەوە | رجال الاطفاء | دیاری | هدية |
| نزیکترین | اقرب | پێی ووت | كبير |
| پێی ووتن | قال لهم | گەورە | صغير |
| پیشان دان | ادلهم(المكان) | بچووک | باقة |
| هات | جاء | گوڵ | وردة |
| کوژاندەوە | اطفوا | پێشکەش کرد | قدّم له |